
لەم دووری و غوربەتەدا
چیم بەدیکرد، بێ لەگریان ؟
چاوم کانیاوی خوێنینە
تەمەن، وەرزی خەزانە
شەماڵیشم،بۆتە زریان



# کوانوی هەناسە تەریوەکان



ڕەووف محەمەد ئالانی

شیعر

٢٠١٩ چاپی یەکەم

ناوی کتێب: کوانوی هەناسە تەریوەکان

بابەت: شیعر

نووسینی: ڕەووف محەمەد ئالانی

تایپ: نووسەر

دیزاین: هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ

تیراژ:  دانە ١٠٠٠

ساڵی چاپ: ٢٠١٩ – سلێمانی

لەبەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٤٧٣) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

**پێشکەش بێت بە :**

١- هاوژینی تەمەنم کەبۆتە قەڵغانی وورەبەرزی و کۆڵنەدانم

٢- ئەوکەسانەی هاندەرم بوون بۆئەرشیفکردنی ئەم هەستانەم

٣- تۆی خوێنەری ئەم هەست وسۆزە تایبەتیانەم

## پارشێو

لەم چرکەساتی تەمەنە
بومە،بەشێک بیرەوەری
لە ماچی گۆناو لێو
ئەم شەو،بیکە دیاری
لە جێی، خوانی پارشێو

# بەردەوامی

من لەخەزنەی،خەزێنەی خەم
نەگوڵێک، بۆم ئەپشکوێ
نەبەهارێ،دێتە بەرهەم
لەم زستانی وەیشومەیە
نەلانەیەک، بەدی ئەکەم
جەستەو ڕۆحم ئاسودەکا
نەچرایەک بەدی ئەکەم
بەختەوریم پێ شاد بکا
بۆیە نیگام دوورە، لە چاوەڕوانی
ڕێبوارێکی وێڵ و تەنیام
ناترسم و زۆربێباکم
تا ئەگەمە کامەرانی
ئەوسا خۆر دێنمە سەرزەوی
تاریکی بڕۆ،ماڵئاوا
ئەیکەمە مارشی ژیانم
خۆر ناڕوات و نابێ ئاوا

## بەفربارین

ئەی پیرەمیرد، چاوەڕێ بووی
چەندەها ساڵ
مژدەی بارینی بەفرت
دا بەشار
هێندە حەزت ئاوێتە بوو
بە بێگەردی بەفر
بەوتەمەنەش، شێرە بەفرینەت
ئەکرد شەڕە تۆپەڵیش
بە نەرمی بەفر
منالانی شار، چاوەڕێن
وەرەو نازیان بکێشە
با سرودی نوێ بلێن

# پەنجە مۆر

من پەنجە مۆری ناحەز
ئەدەم لەوناوچاوانەی
کەوا وێڵی حەزی تینوی
وورگ و گیرفان وچاون
پەنجەکانی دەستە ڕاستم
بڵند ئەکەم بۆئاسمان
ئەیکەم بەهێمای
بەرزی بۆ رۆحی ئەوانەی
فیشەکی نا حەز لێیداون

# پەیکەر

دەتۆ وەرە،بائەمجارە
لە میحرابی عەشقی پاکا
نوێژی وەفا بخوێنین
دوور لە ڕیای،سەردەمانە
بۆ ئەبەدی دڵی عەشق
بلاوێنین
ببینە نمونەی
ڕاستی و ئەوین
وانەی ئێمە
لە زانکۆی ئەوینداران
بخوێنرێ
لەنمایشگەی پەیکەرتاشان،
پەیکەری ئێمە
بە ڕوونی، ببینرێ

## بروسکەی عەشق

کاتێ دەمرم وزەوی جێدێڵم
دەڕۆم و ناگەڕێمەوە
خەونەکانم دەبنە،هەورو زایەڵە
هەورە بروسکە پێکدێنن
لەیادی ساتی دیدارو جێژووانا
نەک لە بەهارو زستان
هاوینانیش زریان هەڵدەکات
جیهان دەتاسێنن

## پلیکانە

بەپلیکانەی
پەیژەی تەمەن هەر
بەرەو ئاسمان ئەڕوانین
لەدواپلەی گەیشتن
نەژوانی ئەستێرەمان دی
نەشادبوین بەئاسمانی شین

# ڕاپەرین

راپەرین خەونی
گەلێکی نوستو
کە دەریای خوێنی
شەپۆلان ئەداو
هەرگیز ناوەستێ
چارەکە سەدەی
بەرهەم نادیارو
یاسا بێداد و
هەژاران بێنان
کۆشکی ئەوانیش
ڕووەو هەورەکان
هەر ڕاناوەستێ

# ژن

من پەروەردەی
دەستی تۆم و
هەرچی سۆزی
دنیا هەیە
تۆ بەخشیت
بەم گەردوونە
بەبوونی تۆی
میهرەبان
ژیان ڕونە
گەرتۆ نەبی
ژیان،جەنگەڵ
مرۆڤ بێ هەست
وێران، نامۆ
لەجوانی ژیان

بوون ، نەبوونە
هەرچی شکۆی
مەردایەتی و بڵندییە
لەچاوانی تۆدا دیارە
نەک هەر ڕۆژێک
ما نگ و وەرزو
ساڵ و تەمەن
بۆ خۆشی تۆ
یادگارە

# هەڵەبجە

من بۆ یـادی
لەبیرنەچوی
کوچەو کۆڵانی
هەڵەبجەی بێناز
کوژەکەی شین
ئەکەم بە دیاری
ئەیدەم لە قژی
مناڵانی شار
تاچاوی ڕەشی
ستەمی زۆردار
ماتەم کۆتابێ
مەرگ نەهێنێ
پەند بێ بۆ دواجار

## بۆ ئامەد

ئامەد گریا تافرمێسکی
چاوی ئێمە بسڕێتەوە
هاتە دنیا ،تاخەندە
بۆ ژیانمان ببرێتەوە
کەشکۆڵی خەممان
هێندە قورس وگرانە
یاسا دیلی ستەمکارە
ماڵی ئازادیش وێرانە

ئامەد مەبەست ئامەدی کوڕی( شەهید کاوە گەرمیانی )ە

# بۆ تۆیی

لەوکاتەوەی من،خۆرم ناسیوە
جارێک نەمبینی چاو بتروکێنێ
زۆر شەوەزەنگی، تارم بینیوە
مانگە شەو خۆی تیا ئەنوێنێ
لەوساتە، رەقی بەردم بینیوە
هەرگیز نەمبینی نەرمی بنوێنێ
کلوە بەفری زستان و شەختە
نەبوە جارێکیش،کە گەرمی بێنێ
چاوانی تۆ دووربن لە دیدەم
خۆر بەخوورٍ ،ئەشک دائەبارێنێ
بەرد بێزارە،شاخ ئەڕوخێنێ
دڵی گڕگرتوم شەختە ئەڕمێنێ

## بێ نازی

تەمەنم بەخشی بە خۆر
لەوەیشومەی تووش و ساردا
کەچی گەرمی نەکردمەوە
من ڕێبواری ڕێگەیەکم
بۆ بەخشینی شنەی هیوا
ماندوو شەکەت، بێ لانەو جێ
نەکەس ئارامی پێدام
نەشوێنێ گەرمی کردمەوە

بیری یادو ئەندێشەی دوور
وەها سەری لێتاساندوم
خەمی ،سوری ئەشکی چاو
خەوی،لەچاوان تۆراندوم
لەم یادی دوورو خەمەمدا
دێوانەیی هێزو تینمە
کەشکۆڵی پڕ لەحەسرتی
دەشت وکێو، جێگەی ژینمە

# خەیاڵ

بەخەیاڵی، کەزیەکانت
هەمووئێواران،پرچی خۆرم
شانە دەکرد
کەشەو داهات
تۆ دیارنەبوی
مانگ و ئەستێرەم
بانگ ئەکرد
تاجێژووانم،چۆڵنەبێت و
ئاوەدان بێ
لەجێی، شەوە زەنگی تاریک
نیگای جوانی
تۆم لێدیار بێ

# پارلەمانى عەشق

خەڵكى ئەم شارە  هەرمانگێک
بانگەشە ئەكەن بۆ نوێنەر
بانگەشەی من دوایی نایە
بۆ تۆی نوێنەری داهێنەر
لەجوانی و ناسكی وعیشق
شەرم ناكەم وناترسم
لەسزاو سەرپێچیكاران
تۆ ئەنێرم بۆ پەرلەمان
تابێتە دی خەونی عەشق
پەیامی دڵی دڵداران
شەڕی ئێمە ئەوە ئەبێ
عەشقی مە م بۆ زین
لەیلا بۆ مەجنونی كێوان
شیرین بۆ فەرهادی بێستون
خاتوو شەمیش بۆ وەلیەكەی
وەک ئە وانین لە كوردستان

## پاساری

ئەو پاساریە
هەمووبەیانیەک
بەجریوەی عاشقانە
بانگم ئەکا،لەخەو ڕابم
تالەگەڵ نەسیما
شەماڵی عەشقم هەڵکا
پێش هەموکەس،بیگەیەنێ
بەتۆی نازدار
چیبێ لەمە،گەورەتر بێ
بۆ دوو دڵدار ؟

# پاییز

پاییز لای زۆرکەس
خەم و خەزانە
مەرگ بۆ گەڵای
درەخت دێنێ
لای من نیشانەی
سۆزی سروشتە
بۆپاک بوونەوەی
گەڵا مردوەکان
زەوی بەڕەنگی
نوێ ئەنەخشێنێ
بۆیەئامێزم بۆکردۆتەوە
لەگەڵ هەرشنەی
نەسیمێکی ئەو
لەم بێداریەم
هەواڵی وەرزی
عەشقم بۆ دێنێ

## پەیکەر

بەخەیاڵم نیگاری جوانت لەناو شاخا
ئەنەخشێنم
بەهەناسەی ساردی دووریت تەمومژێک
ئەخولقێنم
تا تۆ نزیکبی هەمیشە لە و ڕۆحە
پڕ حەسرەتیەم
تابەخەیاڵەوە ڕۆح لەجەستەما
بجولێنم

# پەیکەری ناز

کچە شۆخە بەنازەکە
ئەوەندە ناز مەبارێنە
بەسە دڵی، پەرێشانم
لەنجەی باڵاونازی نیگات
بوونە ئەرشیف و وێنە
لەدڵ وناخی ویژدانم

## تاسە

من،هەرکزەیەک شک ئەبەم
دڵم فێنک بکاتەوە
زۆر ئەترسم ،لێم ون بێت
بڕوات و سەرنەداتەوە
عەشقی تۆو هەناسەکانتە
خۆشی وئاواتم بۆ دێنێ
لەم غوربەتی دوور لە تۆیە
تاسەی غەریبیم ئەشکێنێ

## تەمەن

تەمەن ئەڕوا ئاورێ، لە من ناداتەوە
نەکەس بەوعەشقەم ئەزانێ
نەئەویش سەرئەداتەوە
بۆیە منیش،خۆم ئەدەمە
قەدەری یادەکانی
بۆ وەفاو ڕاستی،چاوەروانم
بۆ نیگایەک،هەڵبێ ئاسۆی
چاوەکانی

# تەنز

هە لێتە کینە بابم
لە و بە ندەحاڵی نابم *
میلەت هەمو ی برسیە
من خە ریکی کە بابم
بانک ،ئیفلاس و بێ پارە
منیش لە گە ڵ ئەربابم
تاقە سەرۆکی گەنجم
دڵسۆزم وەکو بابم
مە پرسن موچە کوانێ
سەرۆکم تاکو مابم

* تیبینی :دیری یە کە م فۆلکلورە

## فریادڕەس

ئەم ئازارەی
ئێستای خەڵک
سوێی چێژی
قورس و گرانە
فریاد ڕەسێ
خەمی دڵیان
بەبا بدات
ببێتە پیاوی
تەنگانە

# تۆ

تۆگوڵێکی لەناو باخی
ژیانی منا
هیچ کاتێ پایز
نابینم
تۆڕوناکی خۆری منی
ڕۆژت هەڵهات
شەوی تاریکی
نابینم

## ژوان

تەمەن بۆ ژووان
دڵنیام و بێگومانم
شەوی یەڵدای ساڵی تەمەن
چاوەڕوانی ژووانی تۆبم
لەلام چرکە ساتێکە
ئەڕوا بەخۆشی گشت زەمەن
دوای ڕۆیشتن و ماڵئاوایی
دڕک وداڵە باخ و چەمەن

# چارەنوس

هەمووعومرمان بەخشی
بەباخێک
جارێک گوڵێک
بەدەممانەوە ،پێنەکەنی
سەوداسەری ڕێگەیەک
بووین، کەچی
هەرچقڵ و بەردی خڕ
بونە پەناگەمان
لەم هەراوزەنەی ژیانەدا
هەرچیمان دی
گیرفان و چاوی تێرئەکرد
نەکەشکۆڵێکمان کردە شان
نەخەممان لەناخ دەرهێنا
بۆیە ئەم داستانی
گریان و فرمێسکە وخەمە
ئاسمانی بەتەم گرتووە
بۆتە بارگەی تاهەتایی
لەسەرشان و سەرمان
دانابەزێ و دانابەزێ

# چاو

من ئەوەندە
شیعرم بۆچاوت
نوسیوە
پیلوەکانت
لە نیگادا ئەبنە تیری
کەوانێک و
هەمووجارێ
دلم ئەکەن
بەنیشانە
بەوزامی قولی
برینی پڕخوێنە
سەرسامترئەبم
کەچی
هێشتا لەلام
چاوت جوانترو
میهرەبانە

# چاوەڕوانی

وا بەهار،ملی ناوە بۆئەم شارە خامۆشەی دڵ
گوڵی پێیە بەدیاری، لە هیچ شتێ ناکات سڵ
نەوەیشوومە،نەزریانی دڵ پڕلە قین،پێی ناوێرن
پەیامی ئەو جوانی و بۆنی خۆشە،بیدا بە من
دەسا زوو بێ،ئەی ئالودەی دڵەی پڕحەسرەت و مەستم
ببەساقی، جامی شەراب بۆمن بێنە، بیدە دەستم
باوەک خەیام تووڕی دەمە ناو ئەو گەروەی دەناڵێنێ
نەکەس هاواری دەبیستێ، نەباوەشێ دەیلاوێنێ

# جەژنانە

جەژنانەی من
لە ڕۆژی نوێی ساڵدا
هێلانەی دڵم
شێواوە
خەڵکی شادو کامەرانن
منیش خەمبار
ئازیزی دڵم
تۆراوە
بەمن چی، با جەژن
هەموو خەڵکی
بگرێتەوە
لەخەیاڵ و خەمی
یار دام
ئاخۆ جەژنم پێ

شاد ئەكاو ئەمجارە
ئەگەرێتەوە؟
من چاوەڕێم
بابا نوێل بێت و
وەكو منداڵ بملاوێنێ
لە جێی دیاری
چكلێتە نامەی
یارم، بكاتە جەژنانەو
بۆئەم رۆژە
بۆم بێنێ.......

## جەنگین

من لە چارە ڕەشی
خەمم بەشم دیارە
کام ویستگەی ئارام
ماوە لەم شارە ؟
یادو یادی خۆشی
بۆتە یادویادگارە
کەچی ئێستا
بارگەی خەم و حەسرەت
مەنزڵی لێرەیە دیارە
وێنەی (هێمن) تیری
ڕۆژگار نیشا نەی وا پێکاوە
نەک هەرسینە
جەرگ و دڵ و مێشکی
هەمومانی پێکاوە
دڵمان ناسپێرین
بەو ئازارەی دوایی نایە
لەگەڵ شەوەزەنگ ئەجەنگین
مانگ وڕۆژیش لە کەلدایە

## خۆخوازی

وەک ڕوناکیت بۆخۆت ئەوێ
خەڵک مەخەرە، تاریکی
سەوداسەری ژیانی خۆشی
کەچی لەخەڵکی بێباکی
هەرچی تامی خۆشی هەیە
بۆتۆ فەراهەم کراوە
ئێمەش با هەر نوقمی خەمبین
لەم وڵاتە دیل کراوە
زنجیری دەستی ناحەزان
بۆمەچەک وپێمان دانراوە
بڕۆن لێرە، دڵمان بەرگەی
ئەم هەموو زامە ناگرێ
دەیان لاوی، خێرنەدیو
لەڕێی نەهاتا ئەمرێ

# جوانی سروشت

هەورە تریشقەو
باران دەربڕی
پاکی ونیانە
پەلکەزێڕینە
بوکی ڕازاوەی
سروشتی جوانە
پێکەنینی گوڵ
بۆزەوی و ئاسمان
تابلۆی ڕەنگینی
دەستی پەنهانە
کەسروشت وەها
خۆی وێنا بکا
کامە جوانی شۆخ
هاوتای ئەو دەکا ؟

جەژن، بۆخۆشی و
گەردن ئازادی
دوور لەخەم
گەیشتن،بەشادی
هەمووپێکەوە
ڕوولەئاسۆکەین
چرای ئومێدی
نیشتمان هەڵکەین
بەڵام، ئەم جەژنە
خەممان زیاترە
گیرفان خاڵیە
سفرەچۆڵترە
ببێتە عیبرەت
لەبەردەم یەزدان
بۆتە باعیسی
تەفرە ی هەژاران

# چــاو

چاوێک نەبینێ، ڕێی ڕاست
بۆ ژیان
نوقابێت لە ئاست پارەوپۆست
بۆنان
یاخوا ئەو چاوە، دنیا نەبینێ
هەر شەوارە بێ
بەڕۆژ نادیدە، بەشەو تاریک بین
هەر ئەغیارە بێ
چاوێک شەونم و هێرۆ و شەوبۆ
بە دڕک ببینێ
دزو ناحەزو جەردەی بێ پەردە
بەچاک ببینێ
یاخوا ئەو چاوە هەڵنەیە هیچکات
پڕ لە ئازار بێ
ناڵەو سکاڵای نەگاتە ئاسمان
دەم بە هاوار بێ

چاوەڕوانی هەواڵێکم
کەئەم جارە
دڵم شاد بێ
بەدیدارت
وازلەم خەمە
قورسە بێنم
ببمە وە سۆفی و
ڕێبوارت

# چرا

چرای ژینی من،تۆی
لەم کاتە پڕ،نەهاتە
کێبێ خەم ڕەوێنی دڵ ؟
لەم شومی بەسەرهاتە ؟
دەردی دڵم نیە شیفای
لەئێستادا جگە لەتۆ
وەرەو ببە شیفای دڵم
لەم حەسرەتی کارەساتە

## ستەمكار

كێ حەز ئەكات
لەجێی عیشق
دڵی بێتە لانەی
دوپشک و مار ؟
چرای ئومیدو
خەونی خۆش
بەدی نایەن
لەسایەی عەقڵی
ستەمكار

## حەزی خەونێک

خەونم،خەوی گەشی و هیوا
سەرفرازی گەلم بێنێ
لەسەرچرپای حەزی بڕوا
نائومێدی تێک بشکێنێ
بۆیە چاوەڕێی ئەو حەزەم
ئەگەر تاسان و گێژیش
بەدیاری بۆ جەستەم بێنێ

## حەسرەت

من لەحەسرەت
بینیننی تۆ
دڵم بێ ئۆقرەو
غەمناکە
لەبیری ئەوینی
تۆی بێ ئەمەک
تازوو،خۆم
دەربکەم،چاکە
نەبا ، ونبم
لەم بیابانە
چۆڵەی دڵت
نەهاوارم
بەکەس بگات
نەکەس گۆڕێک بکاتە
دوا ویستگەم
لەم خاکە

## خەم

دەرچـون لـەخـەمی
نیشتـمان وگـەل
كارێكی قورس و
ڕەهاو مـەحـاڵـە
تـا كۆیـلە هـەبـێ
لـەم سـەدەیـەدا
بـۆخـێڵ وهـۆزو
چەند بنـەمـاڵە

من لە قوڵی، خەونی دووریت
بێبەش ئەبم ،لەو نیگایە
مەراقی من، ئەبەدییە و
دوایی نایە

## خـەمی تـۆ

زەمەنێکی کورتی عەشقت
بۆتە، تەمەنێک یادگاری
پڕ لەئازاروخەم و ژان
مەینەتی من هەرئەوەیە
بێوەفا بووی بۆ ئەو هەموو
ئامیز،خەندە،ترسی جێژووان

# خەمی من

بەم بارانی لێزمە و
هەوروتەمە
بەم پایزی
خەزانی گەڵاو
وەرزی خەمە
کەشکۆڵیک
وابەپشتمەوە
مەگەرگەواڵە
هەوری بەهاوار
لێم بسەنێ
بیبات بۆخۆی
هەرچی هەمە

## خەمی دوریت

کەمن خەمم، دووری تۆبێ
چۆن ژووانگە، لەبیربکەم ؟
کەمن سەوداسەری عەشقم
چۆن وەک وەلی
شاخ تەی نەکەم ؟
لەم خولیا و خەمەی خەونەم
چی بەدی بێت ؟
ئەم کاسەی پڕ، لە تاسانە
جەستەم لەم پایزە
چی لە بەربێت ؟
تەنها گەڵای وەرزی خەزان

ئەکەمە بەرخۆم
لەجیاتی جل، ڕەنگی گەڵای
ئەم پایزە ئەبەم بۆخۆم
هەربۆئەوەی
بەتۆ بگەم
سەرم ئەخەمە
سەرسەرین
لەڕاستیدا
نەبوی بۆمن
بالەخەوا
بۆیەک بژین

# خەونی باڵا

تاخەمی خامەم
تێکەڵ بێ
لە گەڵ گریان و
خە می مناڵا
ئایندەی خاک و ووڵات
بدرێ بە کاڵا
بە دە ستی خێڵ و
چەند بنە ماڵە
چاوی دایکی
نیشتمانم
فرمیسکی سور
ئە بارێنێ

به م ژان و زامه
ژیان مەحاڵە
خەبات و خوێن
بۆئازادی
شەکاوە بێ
ئالای ووڵات
کازیوە بێ
خەونی باڵا

# خەیاڵی ژووان

یادم بۆ تۆ ،خەونم بۆتۆ
کانیاوێکە قوڵپە قوڵپی
دوایی نایە
سرتەی ژووان، تەڕی لێوان
یادگارێکە لە دڵمایە،تا هەتایە
بەو خەیاڵەی جارانەوە
دێمە جێژوان
کەهاتیشم، ژووانگە چۆڵە
خامۆش ،بێ دەنگ
وەک بیابان

## خواوەند

ئەی خواوەند،لەم جەنگەڵە چڕەدا
چۆن گەڵای درەختەکان
بخوێنینەوە؟
تۆبۆ ئێمەت خستۆتە
ناو ئەشکەوتێکی
تاریکی بێ دەرگا
لەکوێوە ئاسمان
ببینین ؟
ئەی دروستکەر،لەم گەشتە
بێ مەرامەدا
سەری بێجۆشمان
بەکوێ بسپێرین ؟
لەم مەملەکەتەپڕ

وەیشومەدا
چۆن خۆمان
قوتاربکەین
لە ترسی کەڵبەی
تیژی دڕندە؟
من لە سەری
کۆڵانەباریکەکەی
ژیاندا وەستاوم
کوا فریشتەکان
بێن و هەڵمکێشن
بۆلای خۆت ؟
ئەگەر تۆش،بمبینی ....

## بینین

من لە مێژە
شەیداو خولیای
ئازادی و ئەوینم
چی قوربانی
خاک و عەشقی پاکە
لەناو دڵمدان،ئە یانبینم ...

# خۆم و خۆتان

مالّ هەر مالّی ئاغایە
نیعمەتی دنیای تیایە
کۆشک و سەیارە و پارە
لای ئەو، بێشومارە
خەمی خەڵکم بۆچیە
کێ تێرەو کێ برسیە
ڕیفراندۆم هەر ئەکەم
چاوی ئێوە کوێر ئەکەم
هەرخۆم پاشای وولاّتم
خاوەنی زۆر خەباتم
ئازادی،ماف، دیموکراسی
هەموی لە پێناوکورسی

کێ دێ بۆ دیوەخانم
هەرخۆم خانی خانانم
وەرن لەلام ڕاوەستن
باوەشم کەن مەترسن
حیزبی خۆتان بۆچیە
چەندتان بوێ زۆرنیە
بیکەن بە چەپڵەو شایی
ئەتان بینم لە دوایی
بە هێزی پڕدارایی
لەگەشت و لە سەفەرن
بەشی نەوەتان بەرن
ئاوادابەشی ئەکەم
بەشی ئێوە زۆرئەدەم
خەڵکیش باچاویان دەرێ
دادیان بۆ هەرکەس بەرێ

## خۆزگە

خۆزگە جارێک ئەهاتیەوە
ئەبویتە میوانی شەوم
لە توانەوەی ئەو عەشقەدا
دەرئەکەوت کەمن ئەوم
ئەوکەسەی دێوانەی تۆیە
بویتە خولیای ڕۆژو شەوم

# خەمی دواژووان

خۆزگە لەدوا ژووانی عەشقا
فرمێسکەکانتم تێر ئەسڕی
پەیامی ڕاستی دڵم
بۆ ئازاری دووری، دەرئەبڕی
ئەوسا بارانی چاوانت
بباراندایە سەر زەوی دڵم
بە دیبێ خە ونم،کۆتایی بێ
ئازارو گریانی بەکوڵم

## خەمی دووریت

کام خەم هێندەی دووریت قورسە
یەخە ی رۆحم وەها ئەگرێت ؟
کە دیار نابی ژینم تاڵە
بەفڕینی پەپولەی نیگایەکت
خەمم ئەمرێ
هەرنزیک بە،با بۆ ئەبەد
دڵم خۆش بێێت
بەنۆشینی شەرابی ڕووت
بۆ هەمیشە دڵ بێهۆش بێت

## وەرەوە

لەو ڕۆژەوەی کە تۆ دیارنیت
ڕۆژیش ڕوناکی لێم وونە
لەو شەوەی کە جێتهێشتم
مانگ لە ئاسمانی بێبنە
دەوەرەوە با بەس تامەزرۆی
مردن و تاریکی ژین بم
بەهاتنەوەت بۆ جارێکیش
دەس لەملانی ڕوناکیبم

# دڵنیا بوون

دلنیابن نه بیرم
به بیرۆکه ی عه قڵی
کۆیله بون ڕادێنم
نه خامەم ئەخەمه
خزمه تی هیچ که سێ
نه دێمه سه نگەری ڕوڕبەڕو
نه گوێ هەڵئەخەم
بۆ هیچ باسێ
نه شەڕێک ئەخەمه
ئه ستۆی خۆم
که شەری کورسییه
من ئەبمەپاروی
هه ژارێ که برسییه ...

# دڵنیام

دڵنیام،ڕۆژێ دادێ
هەوری خەمم
لەپایزی چاوەڕوانی
دێتە خوارێ
خەمی ئەو دابڕانەت
بکاتە بارانی پەڵە
بەسەر کێڵگەی
عەشقی منا
تێر بباریٚ

# دڵی بەردت

ئەو دڵەی تۆ لە بەرد ئەچێ
هێندە ڕەق و بێهەستە
نەهەواڵیکم ئەپرسی
نە گوێ ئەدەی ،بەم هەستە
منیش چاوی چاوەڕوانیم
هەر لە ڕێی ژووانی جارانە
وەکو زەوی گەرمای هاوین
چاوەڕێی نمەی بارانە
زۆرئەترسم، وەرزی عەشقم
ووشکەساڵی و بێباران بێ
دیدە کزوژوانیشم، وێران بێ

# دڵى وێڵم

دڵـى وێڵم
وێنـەى بولبولى
شـەيـدايە
ئـۆقرەنـاگرێ
هـەنـاسـەكـەم
ئـەوى جارێ
ئێمەى ديبـێ
بـاش ئەزانێ
كەمن چـەندە
بيـرت ئـەكـەم

# دوا ئاوات

بەو هیوایەم جارێکی تر
ئامێزت بۆ بگرمەوە
لەژوانێکی وەکو جاران
بەدیدارت،شادببمەوە
خەونێک ئەکەم بە ویستگە
تالەوخەوە بەتۆ بگەم
شادو ئارام بێ دڵم ، گەش ببمەوە

## دوا دیدار

مـن ئـەمجارە تـەنـها خـەمێـک
ئـەکـەمـە، دوا وـیستگـەی
عـەشق وئـەوینم
دوادیـدارە، دوا نـیـگایـە
مەگـەرلـەخـەوما بـتبیـنم
جـێت ئـەهێـڵم
جـارێـکی تـر، نـاتـبینـمـەوە
بـەوئـازارەی، دات بـەدڵـم
ڕێـگـەی عـەشـقت
ناگرمەوە

## خەون

خە ونم خەمی
دوری تۆی
لە باوەش گرتوە
بەم زستانە دڵم
لیمۆی زەردی
پایزی گرتوە

شەوانی هاوین، ئەخەوتم
تۆ ئەهاتیە،ناوگلێینەم
هەرچەند،لەمن وون بوی
ئەهاتیە سەرجەستەوسینەم
هاوین بۆتە،وەرزی دووری
خەمی بێ تۆیی،وایکردوە
هیچ بۆم نابێتە سەبوری
وامەزانە،لەمن دووری
ئیتر دیدەم
بە نیگاکان و باڵات ناسپێرم
چیاو دۆڵ و شاخەکانیش
چەند لێم دووربن
رۆح و دڵم هەر لایانە
ژوانەکانیان پێ ئەسپێرم

من گوڵێکی
سووری جوان
ئەدەمە دەستت
وەک دیاری
لەناوپەڕەکانیدا
خوێنی دڵمە
هەڵیبگرە
بۆ یادگاری

# دەروێشی ئەوین

بۆ پەیامی عەشقی پاکم
کەشکۆڵێ دەکەمە شانم
برۆت دەکەم، بە میحراب
لەسەر ریگەی
ژووانی جاران
ئەگەر چقڵ بێ ،یان سەراب
نوێژی ئەوین،دائەبەستم
بەنیەتی، دیدارێکی تر
دەبمە دەروێشی
قەد وبالآت، ئەگەر لۆمم بکەن
پتر، لەگەڵ ناڵەی
دەفی سەودای عەشقی
ئەونیگاوبالآیە
ڕیگەی عەشق
ئاوەدان و گەشتیاران
ڕووی تێ دەکەن
وەکو دەڵێن، کالآ بەقەدی بالآیە

# ڕۆژی خۆشەویستی

گوڵی سورم بۆچیە
لەڕۆژی خۆشەویستیا؟
تۆخۆت جوانترین گوڵی
لەنیگای جوانی مەستیا
بەدوای کام گوڵا بگەڕێم
وێنەی تۆ شۆخ و شەنگ بێ ؟
دەست بۆهەرلقێک ئەبەم
چاودائەخاو سیس ئەبێ
تەنها دیاری بۆئەمرۆژە
تۆشک ئەبەم بۆدڵی خۆم
وێنای ژیانمان کێشاوە
پەروانە دڵمەو تۆش مۆم

# ڕۆژی دادی

بیست و دووساڵە
بەناوی ئاشتی شەڕمان
بۆ دێنن
بەناوی ئازادی
ڕۆحمان بە دیلی
ئەسپێرن
خەونی مناڵ
بەهەتیوی و فرۆشیاری
سەرجادەکان
ئەسپێرن
پیرۆزی ناوی شەهید
ئەبەن و
بۆ دزی و کورسی

بەکاریدێنن
لەجیاتی بەعسی
نەفرەتی
بۆ مشتێ پارە و دەمانچە
دەروونی تاک
ئەڕوخێنن
خەونی شادی و خۆشی
بەیەک کوشتن
ئەدۆڕێنن
سامانی زۆری
ئەم گەلە
بۆ گیرفان و بانکی نادیار
ئەیڕفێنن
تووڕەیی گەل
لە وئاستەیە
ڤێلا و قەسرو چیتان هەیە
زۆر نزیکە بەسەرتانا
بیڕوخێنن

# زانین

ئەوەی بزانین
لەم عەقڵە
کۆنەی ئێوە
نەدڵ ئەپشکوێ
نەسەر بۆ بادەی
مەستی ئەچێ
نەشێوەی خۆتان
نەحوکمی دادتان
لەهیچ سەردەم و
لەهیچ کەس،ناچێ
بۆیە سەد نەفرەت
لەوخەڵکەی،ئێوەی
کردوە بە شوان
مێگەل خەوتوە
ڕان دەسەپاچەی
گورگی پاسەوان

# زریان

له م دووری و غوربەتەدا
چیم بەدیکرد،بێ لەگریان ؟
چاوم کانیاوی خوێنینه
تەمەن وەرزی خەزانه
شەماڵیشم،بۆته زریان

کزەی خەمی کام ڕەشەبا
گەردەلولی دڵی من بوو؟
کام وێرانەی چۆڵی،ئێستا
جێژوانگەی ماچی من بوو؟
بێ قەراریم بۆو ساتانە
دڵشکانی نەبڕاوەیە
کەیل و ئازارێکی قوڵە
بۆئەبەدی نەسڕاوەیە ...

## نهێنی

ڕۆژانی باران
لەگەڵ هەورا یاری
ئەکەم
لەگەڵ بروسکەی ئاگرین
پرچی بەفر شانە
ئەکەم
ژوانم لەگەڵ زستان
سازکردوە
چی کلوەبەفری سپی
هەیە
ڕازی دڵی منی لایە و
ئەم ئەوینەم
لا،باسکردوە

# کۆڵنەدان

زۆرهەوڵمدا
شەرابی کامەرانی
لە سایەتدابخۆمەوە
دڵت بکەمە
ژوانگەی خۆم
چۆڵی نەکەم،نەڕۆمەوە

## ژیان بێ تۆ

من لە نیگای
چاوەکانت،گەرمی
وەک خۆری زستانان
خۆشی،ئەبەخشێ
بە گیانم
بێ تۆ دنیا،سەرماو
سۆڵەی بێ ئۆقرەیی
بەستەڵەکە،بە گومانم
لە بون ومانم

# ژانی بێ تۆیی

من لەشیلەی گوڵی لێوت
هەنگوینی عەشق ئەچێژم
من لەنەغمەی لەرەی دەنگت
خۆشترین ئاواز ئەچێژم
من لە میحرابی جوانیت
موریدو سۆفی ودەروێشم
دووربم لێت ، وەها دەناڵێنم
وەک زامدارێکی پر ئێشم ...

# ژوانی خەونێک

وائەمشەویش
وەکو شەوانی تەنیایی
دڵم پڕە لەیادی تۆ
تەنها پەنجەرەیەک ماوە
سەبوری بێت  لەم خەمەی تۆ
جێژوانێکە لەخەونمدا
تا ببینم نیگاری تۆ

کەتۆ ڕۆحت
ببێتە جەستەی
ساردوسڕی مردو
هەستت ببێتە
ڕەشەبای توڕەی
بابردو
نەڕوحت ئەبێتە
میوانی دڵێکی
پڕسۆز
نەڕەشەبات ئەبێتە
لورە وترسی باهۆز

## ساڵی نوێ

واساڵێکی نوێ
لەپێشوازی تەمەنماندا
فەرشی خەمی ڕاخستوە
بابا نۆئێل دیاری پێیە
منیش چاوم لەجێژوانا
بۆنیگای چاوو ماچت
ئۆقرەی خەوی نەگرتووە ....

## جەژن

بۆئەم جەژنی سەری ساڵە
خەمی دڵم، بەبا ئەدەم
بەدیداری نیگای مەستت
چرای رۆژی
نویَ هەڵ ئەکەم
دەتۆش وەرە،بەدیدارت
ژوانیک
بۆمن بکە دیاری
هەرچی مەینەتی
کۆن هەیە
لەگەل ساڵی رابردوو
بیگۆڕە، بە یادگاری

# سەرمای ناحەز

وەرە بەم کزەی
سەرمای زستانە
قۆڵت بکە بەسەرینم
چاوەکانت
با ئاوێنەی نیگام بن
پەنجەکانت
بێشکە ی ڕاژەنینی
خەمم بن
ئەگەر هاتی بەئەسپایی
زۆرلەسەرخۆ
هەنگاو بنێ
نەبا زوقم وسەهۆڵ
زەفەر بە باڵات بێنێ

# سەرۆکی هەرێمی ئەوینم

لەم هەرێمەی دڵی مندا
خۆت سەرۆکی خاوەن بریار
پەرلەمانی نامەکان و جێژوانمان
بەڵێن ئەدەن هەزاران جار
ماوەی حوکمت دوایە نایەت
بەپێی بەڵێنی راستگۆیت
ملیش نادەم بۆ بەردو دار
سەرۆکی ئەویندارا نی
خاوەن وەفاو خاوەن بڕیار
حاکمی عەشق و ئەوین
هەریەکێکە و نابم ناچار
لەچاوی جوانی عەشقەوە
سەرۆکی هەرێمی من خۆتی
گوێ نادەم بە بەدگۆوزۆردار
ماوەی تۆ قەت دوایی نایە
بۆ ژیانم و بەپێی رۆژگار

## سەری سەردار

سەری سەردار پڕە
لە هۆشی بەردار
کەچی سەری تۆ
جگە لەپوچی وبۆش
وەک زرکەتاڵ
تیای نیە خەمی
گشتی و هۆش
بۆیە ناچارم
نەفرەتت لێکەم
لەداخی خەمی

نەهامەتی گەل
نەبویتە پڕشنگ
لەئاسۆی دەمکەل
کێ دوای مەرگت
فرمێسک بسڕێ ؟
یان یەخەی خۆی
بۆمەرگت بدڕێ؟
مەگەر سەری
سەرسەرێتی پێ بدرێ
کەڵکەڵەی میللەت
بۆتە خەم بۆسکی برسی
نەک وەک تۆخەمت
بۆپۆست و کورسی

## سەفەر

سەفەر مەکەن بۆ نامۆیی
نەبا، دوادیدارتان بەم خاکە
شادنەبنەوە
لەڕێی هات و نەهاتا
کێ ئەزانێ
شەپۆلی دەریا وقەتیس بوونی
هەناسە ئامێزتان
بۆ ناگرنەوە ؟

## سەمای گەڵا

من تاسەی خەمی وەرینی
گەڵای درەختم
ئەکرد
ئەوان جوانترین
سەمای پێشوازی پایزیان
ئەکرد

# سڕینەوە

دەست لە ملی خەمم
زەمەنێکە لەدووری تۆ
ئێشکگری شەوی
دەیجووربووم
لە بێنازی نازی تۆ
بەمن بوایە لە فەرهەنگا
ئەمسڕیەوە وشەی بڕۆ
تاکو دوای من
کەسی ترنەڕەنجێنێ و
نەبێ دەسخەڕۆ
بەو ئاواتەم، بڕۆ لاچێ و
وەرەوە،جێی بگرێتەوە
چی ئازاروخەم و
مەینەتیە لەناو ببا و
بسڕێتەوە

# لەیادنەچون

ئەورۆژانەم
قەت بیرناچێ
کە تۆ لەمن زیاتر
چاوەڕێ بوی
بۆ جێژووان
ئەمێستاکەش
بۆمن وەک جارانە
سوتانی عەشق و
خەمی دابڕان

# سەرۆک و ڕۆژئاوا

ئای کەحەزم لە فڕینە
بۆ ئەبەد دوورئەبم لەوێ
لێرە جگە لە ژان وخەم
دڵ بۆ ساتێ لێی ناسرەوێ
خوێن و مەرگ و چەوسانەوە
بەشمانە بە ڕۆژو شەوێ
لێرە ئەوەی خۆی سەرۆکە
سەری هەربۆکورد نانەوێ
نان وشیرو جلی مناڵ
نایەڵێ بچێتە ئەوێ
نەفرەت لە وپلە کورسیەت
کەپیلانی تورکت بوێ
ئەم گەلە بەوەش نابەزێ
سەری بۆدوژمن نانەوێ

# شەرابی لێوان

گشت ڕۆژێ داوام وابوو
ئەمویست ببمە شانە
کەزیەو پرچت بۆ شانەکەم
لەگەڵ دڵۆپی بارانا
ببارێم
بە گەردنتا بیمە خوارو
سەیرو سەفایەک سازبکەم
لەناو باخی لیمۆی سینەت
سەودای میوەی شەراب
لەباخەوانی مەمان بکەم
مەستی بادەی دوولێوان بم
ئەوسا تامی ژیان بکەم

## بێ شەرمی

وەکو ماسی کە چاوی
هەرگیز نانوقێ
وەکو قیڕەی دەنگی
لەلێواری ئاو
شەوانی هەربۆقێ
ئەوان بەو جۆرە
ئەڕوانن لە ناڕازی
دەنگمان
تا کەللەی هەموویان
نەتەقێ

# هەولێر

شکۆی هەولێر
ئەوکاتانەی
کە هۆلاکۆ
لەبەردەمتا کرنۆشی برد
وەکو ئێستا
هەرگیزدەستی
بۆپیرۆزی باڵات نەبرد
وا ئێستاکە
ملهوڕ و گەمژەو
پیاوانی بستە باڵا
پیرۆزییت و
خەونی شارو
مێژووی دوێنێت
ئەشکێنن
بەناوی
کوردو ئاڵا

# شەرم

ئارەقەی شەرم ئەڕێژم
کە ئەبینم مرۆڤ هەیە
هێندەی چاو بەرزی
ئاسمان ببینێ
هێندەی دیدەی ساغ
پانتایی زەوی
بیابانی دووربببینێ
ئەوەندە بەڵێن و درۆو
قسەی بێ بنەما و
باڵای بنە داری
لەچاوی خۆیا
وەک ئاوی لێڵ
ڕوون ببینێ

# بون

لەم زەمەنە، تاریکەدا
نەگوڵ بە، بۆ جوانی
تاسیس نەبیت
نەپەپولە،بۆناسکی
تانەبیتە قوربانی
کیسەڵی پشت ڕەقی
بێباک بە
بۆ نیشانەو ستەمی
نادادی ....

# زام

کەتۆڕۆیشتی
دلمت خستە
ناو ئازاری
گینگڵی خوێن
بەدواوشەی
ماڵئاویی
نوقمی حەسرەت
وای ونکردوم
زامەکانم زۆربە
بەسوێن

## سەفەر

سەفەرمەکە
دڵم، تەنیا جێ مەهێڵە
کەتۆ ونبی
دڵم غەریبێکی وێڵە
نەکەس داڵدەی ئەدات
نەسۆزی کەس
ئەیلاوێنێ
دابڕانت خەم ئەهێنێ
دڵی عاشقم
ئەڕەنجێنێ

وەرەو ببە بە جوانترین دیاری
دڵم شادکە بۆجەژن و یادگاری

---------

من هە ر لە لای پە نجەرەی دڵتەوە چاوەڕوانم
نە ک ڕەشەبا بێت و شوشەکانی بشکینێ ،میوانم

********

برۆ لە ناو باوەشی خەمی حەزی نەخوازراوە جێت بێتەوە
دڵی عەشق مەدوێنە نەبا سوتانی دڵ جێگەی وەفا بگرێتەوە

## شەرمی ئەستێرە یەک

ئێستا ئەزانم
ئەو ئەستێرەیە بەو نیوەشەوە
بۆچی لەئاسمان خۆی خستە خوارێ
لەبەرجوانی تۆ
زانی ،تاوانە ئەو لە ئاسمان بێ
تۆ لە سەر زەوی بی، لەخوارێ

# عەشقێکی وێڵ

شەو کەتارمایی ونهێنی
جیهان تیاپەنهانە
ڕۆژیش بێ پەردەیی و ڕونی
وگەشی ژیانە
منی عاشق نەلەشەوان
ڕازو چپەم بەتۆ دەگا
نە لە ڕۆژیش ڕوناکی وگەشی
چاوانت بەمن دەگا
نەشەو ئارامی دڵی عاشق و
دێوانەی وێڵی منە
نە ڕۆژیش دیارە ڕوخسارت
مەینەتی بەشی منە

# فریادڕەس

من لەم کاسەپڕەی
دەردی وێڵ بوون
خەیاڵی تۆ لێوان لێوە
دووریت خەمە
دابڕانت وایکردوە
ناتوانم بڕۆم بەڕێوە
دەتۆش وەرە دەستم بگرە
تین و تاوبدە دەستم
ببە گۆچانی فریاد ڕەس
سازی ئاوازێ بخوێنم
بژێتەوە دڵ و هەستم ....

# کاتژمێری عەشق

عەشق وەک کاتژمێریکە
تەنها بە کارکردن جوانە
کەدوورئەبین لەیەکتر
جەستەمان، ژەنگ ئەکات
بۆنەمان وفرێدانە
ئەوساتانەی،چرکە چرکی
هەناسەمان،بەیەک دەگات
ژیان پڕە لەجوانی،
ئەوە مانای زیندووی گیانە

# کاتی تۆڵەیە

ئەمجارە بڕیاری گەلە
خۆی دەربازکا لەم خەمانە
دەنگ بدا بۆ ئایندەی خۆی
بیانکا، بەپەندی زەمانە
سەردەمێکە گیرفان پڕن
ڤێلاو قەسریان بۆئاسمانە
هەژارانیش دەردو مەینەت
بوبەبەشیان لەم ژیانە
کاتی تۆڵەیە بەدەنگدان
کۆتاییە، دادگاش چاوەڕێتانە
تاکورد خاوەنی ( ) بێ
خەم لابەرو فریاد رەسی ژیانتانە

# کالەی گەریلا

چی سەروەت و سامانی
کەڵەکە بوو،کە هەتانە
جوتێ کالەی گەریلایەکی
سەرچیا ناهێنێ
ئەوەی ناوی ئەبەن خەبات
ڕۆژانە ئەییفرۆشنەوەپێمان
نە تێکۆشان نە هەڵوێست
دڵ تۆرانێ ناهێنێ
ئێوە لەشاخیش دڕندەی
گیانی ڕۆڵەی هەژاران بون
نەخەمخۆرو نەسەرکردە
نەدڵسۆزی نیشتمان بوون
بڕۆنەوە بۆ جەنگەڵ و ملی
جەردەتان بشکێنن
با ڕۆحی ئازادی بفڕێ
وازلەجوانیەکانمان بێنن

# گەپ

وەڵا کاکە ئەم حکومەتە
کاروئیشی زۆرزەحمەتە
سوارکەری شەلیش بێ وایە
بۆخەڵکی خەوتو ئەکالایلایە
جارێک قەیران وخۆشی ساوایە
مژدەی دەوڵەت وائەهینێ
دوژمنان بەچۆکادێنێ
دوژمن چاوی بنوقینێ
قسەی خێربکە،بڵێن ئاوایە
بەم جامانەو بەم لامپایە
بژین نەوەی بنەماڵە
هەموشت بۆتان حەڵاڵە

شەڕگەیشتۆتە بنەبانێ
هیچ کەس بەمەهەرنازانێ
دەوڵەت بەڕێوەیە واهات
قەیدی چیە قڕی ونەهات
پارەبۆئێوە نابێ،پیس وبەڵایە
بەفیڕۆی مەدەن لەباخەڵایە
هەربژی میری ڕێبازی مەردان
ئێمە هەربژین ئێوەش سەرگەردان
سەرتان بشکێنن خۆتان بەن لەدار
تاپایەداربێت ئاغای ئەسپ سوار

ڕەووف محەمەد ئالانی

# بێنازی

بەخشندە بە،بەبزەیەک
دەرمبکە لەم نەهاتە
وەرەو ساتێ لێم بڕوانە
ژینم هەمووی بەسەرهاتە
لاپەڕەکانی ببینە
چۆن وا بێ نازو شێواون؟
بەدەست جەورت چۆن دڕاون
کەسێ نیە، چاپی بکا
پەڕە پەڕەی هەڵداتەوە
لەخەمەکانم تێبگا
ئاوڕ لە من بداتەوە
تابزانن چەند بێنازە
دڵی مەستم
کەسێ نیە،دەربازم کا
.. بگرێ دەستم

## کورسی

لەوەتەی هەم
بیرەوەریم،بێتەوە یاد
من وێلم،بە دوای ڕاستیا
زۆرلام سەیرە
هەندێ، نەک هەرخۆیان
میللەتێکیش ئەکەن بەپەن
لەپێناو پۆست وکورسیا

# ئامانج

من لە شەپۆلى
دەریایەک ،ئەچم
دامرکانەوەى
نیە بۆساتێ
من ئەو زریانەم
چى شاخ و کێوە
هێزم ئەداتێ
بۆدەرهێنانى
ڕەگى گەندەڵى
هەر واز ناهێنم
تا خەونى خەڵک
ئەکەمە ڕاستى
تا ، دادى ڕەوا
بۆ گەل ئەهێنم...

## کێ بێ

کێ بێ دەستێکم بگرێ
لەم سە هۆڵبەندانە
دەرم بێنێ ؟
لەسەرمای زستان
خەمی بێکۆتا
رزگارم بکا
دڵەی خەمبارم بۆ بلاوێنێ ؟

## کێ بینیویەتی ؟

کێ بینیویەتی کەسی بێدار
خەونی خۆش ببینێ؟
کامە، زریان بە لورەی تیژ
بۆنی،گوڵاو ئەپرژێنێ؟
کام دابڕان،خەندە دەخاتە
سەرلێوو؟
جگە لە خەم هیچی تر
بۆ دڵ بێنێ
بۆیە بەفرهەر هەرەس و
هەوریش بارانی بەلێزمە
گریانی بەخوڕ
فرمێسکی چاو
ئەبارێنێ

## شەهید

که زایەڵەی زەنگی هاواری
نیشتمان لێیدا
ئەوە دڵی شەهیدێکه
بەگوێی خاکدا
ئەچپێنێ
ئەڵێ : واهاتمه ئامێزت
دایکی میهرەبان

## ڕێی عەشق

که من بۆتۆ لەڕێی عەشقا
ڕێبواری ڕێگەی نەهات بم
وێنەی فەرهاد لەبێستونی
خولیاو ئاوات، رەنج خەساربم
وەکو وەلی ئاوارەو وێڵی
ئاوارەو وێڵی هەردان بم
پەیامی عەشق، هەر وابوە
بێ ئەنجامە، کۆتایی
نەخونچەیەک ئەبێتە گوڵ
نەکێوی هەزار بەهەزار
دێت،دوایی

کامە عیشق سەوداسەری
ڕاستی ئەوین بونە هاوڕازو
خەم ڕەوێن ، و هاوسەرین ؟
مێژوی ئەوین لێوان لێوە
لە داستانی بۆ یەک نەبوون
نەزینێک ریکخرا، بۆ مەمێ
نەشیرینیش ، کرا بەبوک
بۆ فەرهادی دڵ پڕ خەمێ
عەشق بۆتە لانەی ،خەم و ئازار
بۆ هەزاران
دڵ پڕ ئەوینی بە ئازار

## بەرخۆدان

کەمن ئێستا چراخانێک
لەناودڵما داگیرسابێ
کام هێزی تاریکی ئەتوانێ
هەرەس ،بەهەستی من بێنێ؟
کەزەمەنێک، جەنگی خەمی
لەسەردەستی ستەمکاری
بۆم هێنابێ
نەسەنگەرم چۆڵ ئەکەم و
نە باوەڕم ، چۆکی
بۆهیچ کەس دادابێ
ئەوە مێژووی منە
ئەی ناحەزی
خولیاکانم ، باش بزانە
دواپەیامی منی نەبەرد
لەبەردەم هێرشی قینت
گیان بازیە و بەرخۆدانە

## ئەمجارە

کەئەمجارە ، لەپایتەختی
دڵێکی تر،جێگیربوویت و
بووی بە خاوەن ماڵ و بڕیار
جاربەجارێ بۆیادگاری
بدەلەدەرگای وەفای عەشقم
تابزانی چۆنە ئازاری
دڵی زامدار

# لێکچوون

تێک ئاڵانی لاولاوو دارمێو
لەخۆڕا نیە
بۆدیمەنی ژوانی عەشق و
جوانیە
هێندە سەرسام بوون
بەو عاشقانە
لوول وپێچ خواردن
پیشەی ئەوانە

## لەیادنەچوون

ئێستاش،یادی ئەو شەقامە
کە جێ ژووانی نیگای
شە رممان بوو،لە دڵمایە
شەرمە نیگا لەتۆ
تاسەی خەیاڵ وبێدەنگی
لەمن تاکومەرگ، لەگەڵمایە

# مارشی ژیان

تەمەن ئەبەخشم
بەیادگاری
تا تەونی تەمی
تارمایی تەمەن
بڕواوسەفەرکا
بە ماڵئاوایی
خۆر خۆی بنوێنێ
چیا،قەڕەنا
بدات لە ئاسمان
زەوی بکاتە
بومەلەرزەی ژان

بۆئەبەد ستەم
کۆتایی بێت و
نەمێنێ
دیل وکۆیلەی
سەرگەردان
ئەوە بێ
مارشی مرۆڤایەتی
نەک بیری
کۆشک وخەمی
ناو گیرفان

# مایک

کاتێ دڵم
یادتت ئه کات
په نجه‌ره‌ی چاو،والا ئه بێ
ئه کرێته وه
که مایکێ،دیته به رده‌مم
هه رناوی تۆ،له وتنما
دووباره ئه بیته وه ..

## بێخەمی

سەری کاستان
ببەنە ناو ئەژنۆکانتان
هەرچەند،ئێوە
بازرگان و خاوەن دۆلارو
بێ هەستن
لەگەڵ، مەرگی
دەیان لاودا
زۆر بێ خەمن، بۆ ساتێکیش
ڕانەوەستن

## مەرگێکی خەمهێن

بۆیادی کۆچی دوایی (عەباس کەمەندی )مەزن

هەناسەی تۆ
سەمفۆنیای جوانی ژیان و
خەم ڕەوێنی پڕحەسرەتی
نەهامەتیەکان و
بیرەوەری ڕابردووی
هەموومان بوون
بێ زایەڵەی،زەنگی دەنگت
ئۆقرەو ئارام،نابنە میوان
بێ ڕەنگی تابلۆکانت
پەلکە زێرینە تۆراوە

خۆشی و یادی،ئەوین بێ تۆ
لێمان وون بوون
لەمیحرابی یادی تۆدا
چی بنوسم،دەستەو نەزەر
دابڕانێک،پەلیگرتی
نازانین کێ و بۆ و کام قەدەر
یادی تۆ،یادی خەم و
یادی خرۆشی حەیرانە
ماندووشەکەت بێ دەنگی تۆ
ژیان چۆڵە بیابانە
دەتەنها جارێ
سەرهەڵبرە،لەوگۆڕەوە
لەئاوازو ناڵەی
نەی خەممان

بڕوانە
نەتەوەیەک
بەدەست لوورەو
زیکەی نامۆی
نەشیاوی هونەر
بۆتە مەملەکەتێکی
بێ بەهار،دڵ وێران

# کازیوە

لەگەڵ کازیوە
وەک مەلی تەریو
وێڵم، بۆ نادیار
لەکەژی نەدیو
دەنگی خرمەی ڕێ
لەودەشتە چۆڵە
تەزینی بەفر
نائارامی دڵ
بەو سەرماو سۆڵە
کەس نیە، دەرگام
بۆبکاتەوە
تا ئۆخژنی دڵ
خەو بیباتەوە ..

## پێناو(شەهید)

دەستت بێنە وەکو جاران
بیخەرە ناو لەپی دەستم
تا بێتە دەر، ڕزگاری بێ
لەم تەزینە ناخ و هەستم
دەمێکە سەرمای دووریت
خەمی تەزینی پێداوم
نزیکبە لێم،تامن بمرم
تۆشادبی،من پێناوم

## مرۆڤی گەورە

کەمرۆڤێکی گەورە
گیان ئەسپێرێ
ئەستێرەیەک ئەکشێت
بەرە و زەوی
ویژدان چزەی
لێ هەڵدەستێ
چاوان، فرمێسکی خوێنین
هەور بەزایەڵەو گرمە
لوتی بەرز دەکەن نەوی

# دڵنیابون

ئەزانم
لەم هەمو نازەت
جگە لە خەم
هیچ نابێتە
هاودەمم
گەرپێت نەگەم
نەبمە
بەشێک لەخەیاڵت
وائەزانم
کەبێ سەرو
بێ دەمم

# چرپین

من لە دەنگی نامۆیی
شەمشەمە کوێرە
ئاوازی ڕووناکی ئەکرم
من لە دەنگی
تەنیایی تاقتاقکەرە
سۆزی ئاوەدانی
بەکەناری دەریا ئەبرم
من لەم هەموو
نەهامەتی و دەردی دنیا
زەوی پرئەکەم
لە شنەی شەماڵ
خۆشترین گۆرانی
بۆ ئایندەی دوور لە پەستی
بۆ ژیان ئەچرم ..

## تۆ

تۆ کەهێندە لوت بەرز بی
نەبینی هەست و سۆزی من
گرێکوێرەی خەمێک بکەی
بەناو دڵ و برینی من
ئیتر کامە وەفای عیشق
بیناسێنی دۆست و دوژمن ؟

# نەخشەی عەشق

هەموو رۆژێ یادت ئەکەم
شێوەت دێتە بەر چاوم
دەوەرەوە بۆ جێژوانمان
لە بێتۆیی، داهێزراوم
لە خەویشما دەرناچی
لە گلێنە و لەناو هەستم
رۆژێ‌دێت و خەنەبەندان
ئاوێزانی ناخ و هەستم
ئەوسا بە خەندەی نەبڕاوە
تابلۆی ژیان ئەنەخشێنم
خەم و مەرگ و نەهامەتی
بەئەم عەشقە ئەتاسێنم

## نەدۆڕان

هەروەک کەسانی
خاوەن شکۆو ڕێز
نە کورسی، نەپۆست
نەخەونی پا یە
نەنانی دەستی
مل هوڕی گەمژە
سەرم ناخاتە
ئاستێکی نزم
یان چاوشۆڕمکا
وورەو باوەڕم
بەرزن هەروەکو
ئەزمرۆ گۆیژە

## نەفرەت

لەبەردەم
مایکی کەناڵەکان
لەمینبەری کڵێساو
مزگەوتەکان
لەسەر شەقام،
لەناو باخچە وچایخانەکان
بەهاوارو بە نەعرەتە
بە ئاماژەی
پەنجەو دەستان
نەفرەت ئەکەم
لە شەقاوەی بۆکس وەشێن
لەوبیڕۆحانەی
مشت ئەگرنەوە
لە دەنگی ڕەواو
زمانی دڵی هەمووان

ڕەووف محەمەد ئالانی

# نەورۆزو جوانیت

بۆ جەژنی ئەم نەورۆزە
بۆ یادی نەتەوەو گەل
بیستم جلت کڕیوە
لەنجەو لاری جوانت
بەنیگایەک و سەرنجێک
خەمی بە باڵام بڕیوە
بۆ بەیانی خەڵکی شادن
بە نەورۆزی جەژنی کوردان
منیش خەیاڵم بینینی
تۆی شۆخی ناو جوانی جوانان
سەرنج و نیگام ئەفڕێ
بۆسەر گوڵی باڵای بەرزت
نەورۆز ڕەنگینتر ئەنوێنێ
بۆنەی گەل و وێنەی تەرزت

## نزیکی لێم

چۆن گوڵە بەرۆژە ئالودەی
تیشکی خۆرو ڕوناکیە
چەندە منالٚ نیگای برسی
لەسەر مەمی دایکیە
چەندە تەمەن وێڵە
لەدووی خۆشی و حەسرەتا
چەندە ویژدان سەوداسەری
ڕاستی و جوانی وپاکیە
دڵنیام لێت،جەستەت دوورە
بەڵام رۆحت هێند نزیکە
بۆیە عەشقم بێ گرێیە
ئەوینیشم سەوداسەری
بێ باکیە

# جوانیت

هەرچی
نیگاری ناو دڵە
پەیکەرێکە
لەباڵای تۆ
چی تیشکی
ڕونی هەتاوە
ناگات بەنیگای
چاوی تۆ
هەرچی سۆزی
دڵ و هەستە
ناپێورێ
لەگەڵ ئەوینت
خەون و تاسەم
دیدارت بێ
لەژوانێکی
خەم ڕەوێنی
سەرسەرینت

# نیگەرانی

ئێستاش دڵم
نیگەرانە
لەبێئەمەکی، لەدرۆت
چەندجار
چاوتم کرد بەخۆر
نوێژم کردلەناو
میحرابی برۆت ؟

# نیگاری عەشق

تەمەن ڕۆیشت و تەنها جارێ
ئاوڕی لەمن نەدایەوە
هەربەو خەیاڵەوە ئەمرم
ڕۆیشت و نەگەڕایەوە
کە تارمایی نیوە شەوان
دێتە بەرچاوم ،جارجارێ
واهەست ئەکەم وێنەی ئەوە
دەڕوات بەلەنجە لارێ
بەڵکو دەستم بگرێ و بمبا
بەرە و ژووانێکی نادیارێ
ئەوسا وێنەی دێوانەو شەم
وەکو عەشقەکەی زین بۆ مەم
فەرهاد ئاسا بەخوێنی دڵ و گیانم
نیگاری کات بێستونەکەی مانای ژیانم

# هاتن و چوون

من کەهاتم لەدەرگام نەدا
کەسیٚ نەبوو ڕێبگریٚ لێم
بۆ ناو باوەشی خەم هاتم
جگە لەئەو نەبوو ڕیٚو جێم
لەم هەمو هاتوو چونەم
نەمدی تروسکەیەک بۆ ڕێم

## (هەرخۆمانین) تەنز

منم ڕاید،عقید،عەمید
منم سەربازو عەگید
لەشەڕی دەستە و یەخە
ئەخەوم بەبێ پرخە
پارەی گیرفانم زۆرە
میللەتیش ڕەشە، بۆرە
بەمن چی پارە ی نیە ؟
خەڵکی تر بەشی نیە ؟
داعش بێ یان بەعسی
من نیمە لێی مەترسی

خاوەن شکۆ پایەدار بێ
بەری ڕەنجمان دیاربێ
ناحەزان چاویان کوێر بێ
شەیتان بەماڵیان فێربێ
ساڵەهایە خەبات ئەکەین
تۆزی دەهۆڵ بەبا ئەدەین
نامناسنەوە ،چەندجوانم
لەسەر شاشەی خۆمانم
ڕاستیم ووت بە هەموتان
چی نەما نەیکەین بۆتان ؟
میرو سەرکردەین بۆتان
بەرهەمی ڕەنجمان ئەخۆین
بەشی ئێوەوخۆمان ئەخۆین

# هەڵەبجەم

خەونی خەوم
بۆئاڵۆزو شپرزەیە ؟
چرای ووڵاتم،خامۆش
 ماڵی شارم بێ پەنجەرەو
 دەروازەیە
من شارێکم،هێمای
میللەتی بێکەس و هەژارم
نەدنیا گوێی
بۆئەم ئازارەم گرت

لەدەنگی قیژەو هاوارم
ساڵ بەساڵ ئەسپێرم
جەستەی شارم
وونجڕ وونجڕ
وێرانە یە
لەناو وەرزی
بەهاردام و
بەڵام خەزانی
خەمم،هێلانەیە

## حەسرەت

کێ نازانێ
عاشقی بەفر
لەگەڵ لوتکە
ئەبەدییە و نابڕێتەوە
کێ دیوێتی
گەڵای وەریو،بۆسەر لاسک
بچێتەوە ؟
ئەی شەپۆلی،دەریای هەڵچووی
ئیجەی کوردکوژ
ژیان بەو هە موو تەرمانە
ئەداتەوە ؟
من خەرمانی مەرگی کوردم

لەناو جەستەی
سووربوم بەخوێن
نەک گوڵاڵە سورەی
بەهارم هەڵگرتوە
مێژوو شەرم،لەناوچاوانی
من دەکا
جیهان کاتێ
لە زامم دەڕوانێ
نەفرەت لە مرۆڤ
بوون دەکا
بەڵام ئەفسوس
ساڵانێکە
ملهوڕانی
کوڕگەلی خۆم
بەرپرسانی

بێ شەرم و ڕوو
گیرفانەکانیان
پڕ ئەکەن
بەقاقای بێ ئاگایی
سەفەر بۆ شەوی
سوور ئەکەن

## جیاوازی

هەندێ‌خەمی
بۆتێرکردنی
قوولێگیرفان و
وورگە
زۆریش لەبرسا
لە بەرنادادی
چاوەڕێی مەرگە

## هەواڵ

پەنجەکانم
بۆنی قژی تۆیان گرتوە
لەوڕۆژەوە
لەمن دوری
تاساوم،هەواڵی
مەرگم بیستوە

## هێلانەی دڵ

پەڕژینی پێڵوی چاوانت
ئەو کۆترەی جوانتر کردوە
کاتێ ئەفرێ بە ئاسماندا
دنیام بۆئەو تەیکردوە
هەرچەند دەکەم،دەڕوانم
مەلی واجوان بوونی نیە
وەرە هێلانەی ناو دڵم
لەئاست تۆدا ماڵم نیە

## هێما

پەنجەکانت نوکی
خامەن
کاتێ ئاڕاستەی
منیان ئەکەی
سنگم ئەبێتە
دەفتەرو داستانی
عەشق
تۆمار ئەکەی

# هەرگیز

هەرگیز دوور
نەبوە لێم
بۆنی
باڕوت و دوکەڵ
هەزارانمان
لەجێی ئۆکسجین
هەڵیان مژی
گازی خەردەل
قوربانیەکان و
ڕێی دووری خەبات
دیلکران
بۆ چەندکەسێک

لەجێی
نەتەوەو وولات
ئەمێستاکە
خاک و گەل
هەراج ئەکەن
قوتی منالٚ
موچەی خەلٚک
بۆ بێگانەو
دوژمن ئەبەن

# خەیاڵ

هەناسەکانم بۆتۆیە
تۆش سۆزی
ئاوازی دڵتم
بدەرێ
کەلەخەیاڵم
دەرچووی رۆژێ
ئاسمان خوێنی
لێ ئەبارێ

## زانین

ئێوەی دژ بەژیان و جوانی
چیتان ئەوێ لەم وڵاتە
هەمومان بەیەکەوە بمرین
دەست هەڵناگرین لەو ئاواتە
باشەقام وناومالْمان خوێناوی بێ
هەولێر سەنگەری خەباتە
ناحەزان و مرۆڤکوژان باش بزانن
ڕۆژی گەلەو ئایندەیان هەرنەهاتە

# كۆڵ نەدان

وائەمرۆ،گەلی برسی
كاسەی ڕقی،لێوان لێوە
لێی ئەڕژێ،لەسەرمافی
زەوتكراو،ئامادەیە
خوێن بڕژێ
بەم هەمو زامە
ئەڵێن،هەرهەڵپەڕن
ویژدان ئەڵێ
گوێ لەو
بالۆرە مەگرن
دە ڕاپەڕن

ئەوە مێژووی
زامی گەلە
سارێژنابێت
ئەوە خەونی
ئاسۆی
ڕوونی گەلە
نزیک هەڵدێت

# خەونی موورادی

لەوەرزی سپی
بیگەردوجوانی
حەزئەکەم
نەک سەرم
بکەمە بەرگی
بەفر وبیگەردی
جەستەم شەلاڵی
کەفچڕی
چەم کەم
بەڵکو لەهاژەو
سرمەی دەنگی
بگەم بە کامی
خەونی مورادی

## تویشو

دڵم وەرزی خەمی ساڵە
باران بۆتە،وەرزی بەهار
بەکوڵ فرمێسک لەچاوم
بەتاو،ڕێژنە دێنەخوار
من لەم کوانوی پڕحەسرەتە
چی بکەمە توێشوی هاوار ؟

## یاد

بەیادی تۆ ئـەم شـەویش
وەکو شـەوان پرئـازارو
بێدارم
کێ بێ زامـم سـارێـژ بـکات
لـە زامی دەستی
دڵدارم ؟

## یادی بەفر

لەو ساتەوەی منالّی خۆم
دێتەوە ناو هزرو بیرم
بەفر هاورێی گیانی منە
تا لائەچێ هەست و بیرم
تێرگەمەم لەگەڵ ئەکرد
لە دوایدا بووبەوگوڵەی
یارم بۆ لێوی خۆی ئەبرد
لە ئێستادا لە کەزیە
سپیەکانی نەنکم ئەچێ

کەخەم بەو رۆژەی سپارد
نەمتوانی لەمیحرابی رۆحیا
بوەستم ،نەپەیامێکم بۆ نارد
لەگەڵ بەفرا یادی ئەکەم
بەوهەمویادەوە،دنیاش سپی،
بیَدەگی من،ئەو بەکپی
سەما بکەین بۆ بێگەردی
بژین ژینی رەندو مەردی
ئاواتی هەر ئەوە بو بۆم
بسوتێم و نەبم بۆ خۆم

## یادی ژوانت

یادی تۆ
لە شەوی دەیجورا
ڕۆژی ڕوونم بۆ دێنێ
چاوت چراخانێکە
جێژوانم ڕووناک ئەکا
خۆشی و شادیم بۆ دێنێ
لەم شەوەزەنگەی دووریت
تەنها بەیادی چاوت
شاری دڵم ڕوناک بو
هەرچی مانگ و ئەستێرەن
لە پێشوازی ژووانماندان
خەویان لێ حەرام بو

## نیگا

به نیگایەک دیدەم شاد که
به چپەیەک،
ڕازێک بۆم خەمم دەربڕە
بەیادی جیژووانی جاران
ئاسودەم که
سەرێ لەشەرما هەڵبڕە
با دڵ و چاوم مەست بن
بەپێکی شەرابی
عەشقی خاوێنت
تاکەی گوێ بەم ڕازەم نادەی ؟
هەر ئەبێ بگرم داوێنت

# ئازادی نامرێ

کە پەیکەری دڵت لەت بوو
تنۆک تنۆک ئەسرینەکانم داباری
کەکێلی گۆڕەکەت شکێنرا
شار گریا وشیعر خەمی لێباری
بۆیە لەناو تۆزی ڕەشی دوکەڵا
دوو عاشق ماچیان کردە دیاری
چاوی ناحەزانیان کوێرکرد
لەجێی مەرگ، ماچ بوو،دیاری

## ئاڵا

هێمای ژیانم ئاڵایەکە
بەخوێنی لاوان نەخشاوە
ئەمرۆ گەندەڵ و دزو جەردە
لەسایەی تێرو حەساوە
بێخەم نابم هەتا وابێ
نادادی بەشی هەموان بێ
سەرفرازی ، بەدی نایە
تا گەندەڵ سەرکردەمان بێ

## ئالودەبون

لەسایەو سێبەری
عەشقی شۆخێک
دڵنشین و پەروەردەبووم
بۆیە ئێستاش
پاکی و ڕاستی
هەوێنن بۆم
لەگەڵ ئەوان
ئالودە بووم

# ئاواتی گەڕانەوە

كاتێ هاتی
وەرزی دڵم وەكو بەهار
بوژایەوە
كەجێتهێشتم
بووبە خەزان چرای ژینم
كوژایەوە
بەئاواتی گەڕانەوەت
چاوەڕوانی،جێ ژوانێكم
دڵم پڕكا لە هیوا
بێتە دی تەنها خەونێكم

## ئاينده

من خۆرى ئەم وەرزى ژيانەم
لە زستانێكى تووشا هاتم
من گزنگى ئاسۆى هيوام
بووم بەچرا بۆ نەهاتم
من  ئايندەم
بۆ ئەم گەلە بەش مەينەتە
من ئازار شكێنى خەمم
بۆ ئەم ئازارو خەفەتە

## ئێجە

له ڕشتنی چەند
فرمیسکێکی خەمهێنەر
هیچی ترم پێنەوترا
بەشی ئێمە هەرخەمە
بۆ ئەم کۆستەش
جگە لەخەم
هیچی ترمان پێنەبڕا

## یەڵداو یاد

لەم شەوی یەڵدایە
خەیاڵم پڕە لەبیری و
سەوداسەری
چرکەی زەمەن کورتە
زۆر خێرایە،لەلای من
پڕە لە یادەوەری

## ئەمشەو

ئـەمشەو
وەک تـاقتـاقـکەرەی
ئێشکـگری
بێزارکەری،بێچارە
خەونی خۆم ئەزرێنم
هاوار ودادم
نادەم بەکەس
لەم شارە
چونکە دادوەر
دەستی بەخەنجەرو دارە
ملی من،ئەقرتێتێ
یان ئەمدا،لە پەتی سێدارە

## سەفەر

تارمایی سەفەری دووریت
شەوەزەنگی بۆهێناوم
کەس لەم ئازارەم ناگات
لەناخەوە داگیرساوم
خۆزیا وەکو جاران گوڵم
ئەبویتە میوانی شەوم
چرایەکی داگیرساو بوی
ئەبویتە هەوێنی خەوم
ئەوسا شەوم چراخان بو
بەو دووچاوە گەش و جوانە
خەمی تاریکی ئەم ناخەم
دوورلەتاسەو دابڕانە

# ڕاپەڕین

بەبیری وردو بە پلانی جوان
بەهاری هێنا و بوو بە ڕاپەڕین
خەرمانیان سوتان بە سورکراوی
دزو گەندەڵ وجاهیلی بێ دین
خەڵک قوربانی و ئەوان دەوڵەمەن
پشکۆی ئەو ڕقە هەر داخیان ئەکات
ئەوان پوشن وخەڵکیش ئاوی مەن

# چوارینەکان

بـۆیـادی تـۆ سـلێـمانـی دڵ ورۆحــم لـەسـەردەسـتـە
مـێـژووی شـانـازیـت ئـامـادەیـە، دەسـتــە، بـەدەسـتـە
خـوێـن و خـەبـات وگـــۆڕان بـــەدی دیـنـێ هەمیشە
هـــەزاران گـوڵ ولالــە و خـونـچـەیـان وابـەدەسـتـە

* * *

خـەمـی دووریـــــت وەهـــا ســـەری لـێ تـێـکـداوم
شـــەوی شـــەوانـم شـێـــواوە و خـــەوی تـێـکـداوم
بـیـری بـیـرەوەریـت کـە جـارجـاردێـتـە بـەرچـاوم
نـیـشـانـەی مـەیـنـەتـم، هـــەنـــاوو دڵـــی پـێـکـاوم

* * *

تەمەن ڕۆی بەچاوەڕوانی، کەچی سەری نەدایەوە
پەپوولەئاسا بۆ گوڵ ڕوانیم،ئەوبۆمن نەگەشایەوە
لەم چاوەڕوانی و وەفای دیدارە، دیدەم کزکزبوو
نەوەفام بینی نەجارێکیش خەمەکانم خوێندرایەوە

* * *

سەرم سوڕدەمێنێ و گێژ دەخوا
بەدەست حوکمی درۆو دورلە خوا
ساڵانێکە ئەم گیرفانانە پڕ نەبوون
ئەوان شادن، میللەتیش با قوڕ بخوا

* * *

بزەی جوانی لێوانی تۆ
بێ زمانان دەخاتە گۆ
لەوڕۆژەوە وێڵە نیگام
چاوەڕوانم بگەم بەتۆ

* * *

وێنەی گوڵی سوری ناوباخ
دڵو جەرگم ڕەنگین بە داخ
بۆ گەیشتن بەو نازدارە
دەروون پڕم لە ئۆفو ئاخ

* * *

لەناو گێژاووگەردەلولی زەمان وەها سەرم لێشێواوە
چەرخی چەپگەرد بۆجارێکیش ڕووی نەکردبەملاوە
تاهێزی ئەژنۆو هەناسەی گیانم تیابێ مەرجو بڕیارمە
سەنگەری ڕووبەڕوو مەرگی خۆم،یائەوبارگەی پێچاوە

* * *

مـۆمـی ئـومـێـد بـۆ ئــەم گــەلــە داگــیــرســاوە
خــەم لابـــەرە و ئــایــنـدەی نــوێ نــەخـشـاوە
ســویــنـدی درۆ و بــەڵــێـنـی ســتــەمـكـاران
چـەنـدیـن سـاڵـە بـێ كـرداره،نـەچـەسـپـاوە

* * *

لـەكـەژاوەی خـەمـی تـۆدا هـەسـتـم گـیـراووتـاسـاوە
لـەكـونـجـی خـەمـی تـەنـیـایـی،دڵـم كـەیـلـە،نـەتـۆراوە
وەک پـاسـەوانـی سـەرشـەقـام خـەو ناچێتە چـاوانـم
مـەیـلـی لـوتـفـی مـوحـیـبـەتـە،كـەخـوێـنـی دڵـم ڕژاوە

* * *

مـــن بـــومـــه دێـــــــــوانـــەی کـــێـــوان
ئـــەپـــێـــوم دەشـــــــت و شـــاخـــــــان
شـــــــەوو ڕۆژ وێـــــــڵ و ئـــــــــاوارەم
بـــــــــەدوای ئـــــــەویـــنـــێـــــــکـــی جـــــــوان

* * *

هـــەســـتـــی عـــاشـــقـــانـــە، وەهـــایـــە
هـــیـــچ نـــاگـــا بـــــــەو، کـــــەپـــرو ســایـــە
دڵـــــــی هــــــەنـــجـــن هــــــەنـــجـــن، بـــکـــەی
وێـــــنـــــــەی ئـــــــــــەوی، لـــــــە دڵـــــدایـــــە

* * *

هێنده شۆخی،دڵی سەدان لاوی ئەم شاره داگیرئەکەی
بەبزەی لێوونیگای چاوت بەبێ شەراب مەستیان ئەکەی
منی شەیداو سەوداسەری جوانیت، بەو هەموو نازو مەکرەوە
چۆن بەو ئاگره نەسوتێم کەنیڵەی دێ لەدڵمدابەرپای ئەکەی ؟

* * *

هەموشەوێ، یادگاریەکانت ئەبنە خەم
دەگریم بۆئەو چرکە ساتانەی بون بەتەم
یادگاری و فرمێسکی جوانی دووریت
هاوشێوەی عەشقەکەی مەم وشەم

* * *

وەکو شنەی شەمالی هاوین
دڵم لەخەمی گەرما رزگارکە
بائاوپڕژێنی دەستت گوڵاوبێ
بەنیگای چاوت دیدەم پاراوکە

* * *

برۆت میحرابی عەشقی مەجنون بۆ جوانی لەیلات
چاوانت تیشکی ڕۆژن بەتینتر ن لە ڕۆژهەڵات
لێوت سەمای ڕۆحە بە جوڵە ی بزەو پێکەنین
توخوا بەوتیشکە وبەوتەڵقینەت بمدە نەجات

* * *

کە هاتی خەندە هاتە وە سەرلێو
بەزیو لەرزی چەقەل ودزە دێو
یادت بەخێرو سەرفرازی بوگەل
بێتە بەر باخ و ڕەزو دارە مێو

* * *

بولبول ئاسا پەیمانی من ڕوون وجوانە
وەک ئاوی کانی جوانی سروشتی ژیانە
گویٚ ڕادێرە لە هەناسە و خەم وتاسەم
بێباک لە ناحەزان خەونی دڵم پەنهانە

* * *

من لە مێژە شەیدای شاخم
سەوداسەری گوڵی باخم
لەم سروشتە جوانە هاتوم
نابەزیٚ قەت هەست وناخم

* * *

تـــەنیایـــی ئـــەمشـــەو دۆزەخــــــە بـــۆ مـــن
تـــاریـــكـی و خـــەیـــاڵ تـــەنـهـا هـــاورێـــمـن
هـــەریـــــادەكـانـــت بـــون بـــە مـــۆم بـــۆ من
تـــاقـــە تـــروســـكـــەی رونـــاكـی شـــــەومـن

* * *

لـــــەگـــــەڵ شـــنـــــەی شـــــەمـــــاڵا هـــاتـــوم
بـــــەلـــــەنـــجـــــەت، ئـــەشـــنـــێـــمـــــەوە
وەكـــــــــو وەرزی ســــــەمــــــای گـــــەڵا
بـــۆ،ئـــــەوەعـــەشـــقـــت،ئـــەتـــلـــێـــمـــــەوە..

* * *

تـــۆكـــە بـــــەرگـی، خــــەم بـكـــەیـتـــە بـــــەرم
بـــەگـــــەرمـای هـــاویــــن، نـــــەبـێ سـێـــبـــــەرم
لانـــــەیـــــەك نـــــەبـێ،بـــــۆم دڵـــــە شـــێـتـــــە م
هـــانـــــاو دادی خـــــۆم بـــــۆكـــــام لا بـــــــەرم ؟

* * *

بویتە خەونێکی قوڵی ناوهەستم
لەناو ئامێزی گەرمتا، مەستم
حەزم ئەوەیە هەرلەخەوابم
هاتمە سەرژیان بگری دەستم

* * *

کەژاوەی جوانی،خۆشی ئاهەنگ
بە تۆ ڕازاوە، جیهان دوورلە جەنگ
ەم و گریان و خەفەت باری کرد
ئەشلەقێ بەبەرد ئاووگۆمی مەنگ

* * *

خەمی دووریت وا سەرودڵی گرتوم
ئەندێشەو عەشقت هەستی بردوم
تۆش بێ خەمی ئەم ئازارەم نابینی
خەرمانی بەرهەمم وێرانە و بابردوم

* * *

وتـــم چـــرای تـەمـەنـت داگـیـرسـانـدبـۆم
وتـــی لاچـــۆ مـــەژی بـــە یـــادم،بـــابـــڕۆم
لــــەم چـــرای عـــەشـــق و یـــادی تـەمـەنـە
دیــــدە کـــز،کــــوژایـــەوە عـــە شــــــق،وەک مـۆم

* * *

گـــولّـــم لــــەم جـــەژنـــە ی قـــوربـــانـــە
مـــاچـــم ئـــــەوێ وەک جـــەژنـــانـــە
بـــــواریـــــش نـــەبـــو لـــــەبـــــەر خـەڵـکـی
نـــیـــگـــای چـــــاوت تـــــاســـــەی گـیـانـە

* * *

کـــــــەژاوەی جـــوانـــی،خـــۆشـــی ئـــاهـــەنـــگ
بـــە تـــۆ ڕازاوە، جـیـهـان دوورلـــــە جـەنـگ
خـــەم و گـــریـــان و خـــەفـــەت بـــاری کـــرد
ئـەشـڵـەقـێ بـــەبـــەرد ئـــاووگـــۆمـــی مـەنـگ

* * *

کـــۆچـــت بـــەجـــارێ،دنـــیـــای تـــاریـــک کـــرد
کـــۆڵـــی شـــان ونـــاخـــت بـــۆ کـــوێ بـــرد؟
دوای تـــۆ کـــام چـــرالـــە وگـــۆرســـتـــانـــە
دائـــەگـــیـــرســـێ بـــۆ ئـــەو خـــەمـــانـــە ؟

* * *

هـاتـە سـەرلـێـومـان خـەنـدە و خـۆشـیی کـامـەرانـی
ڕۆحـی تـاک ئـاسـودەیـە و بـۆنـیشـتـمـان ئـاوەدانـی
کـاتـی هـات وەلانـێـیـن بـەڵـێـن ودرۆی شـاخـدار
زانـــرا کـە ( )تـاقـە دڵـسـۆزی هـەمـووانـی

* * *

چـــۆن نـــەگـــریـــم بـــە م دووچـــاوانـــە
مـــەرگ رۆژانـــــە لـــێـــرە مـــیـــوانـــە
زامـــی ســـەرجـــەســـتـــەی ئـــازیـــزان
خـــەم و مـــەیـــنـــەتـــی و ئـــازارو ژانـــە

* * *

چی بێ لەوە خۆشتربێت بۆم
لە تاریکی شەوان،چرابی بۆم
بە عەشقی تۆدنیا لام گوڵزارە
لام کەمە بۆت بسوتێم،وەک مۆم

* * *

واکەیل و خەمی نازی دووری تۆ
بارگەی ئارامی و شادی هەڵگرتووم
مەگەر هەرمەرگ بێ و دەربازم کا
لەو عومرەی ڕۆی و بووبەبابردووم

* * *

مەرگی سەرسفرەی تەمەنی هیوا
خەزانی هێنا بۆ ڕۆحی ماندووم
پاییز کارەسات، درەخت قوربانی
وەهای وەراندم ژینی شێواندوم

* * *

چـــرکـــە بـــەچـــرکـــە زەمـــەنـــم ژمـــارد
نـــەمـــبـــیـــنـــی جـــاریَچـــێـــژی خـــۆشـــی
گـــریـــان وخـــەم ومـــاتـــەمـــی هـــێـــمـــن*
بـــوون بـــەهـــاوەڵـــی بـــادەومـــەی نـــۆشـــی

* * *

خـــەمـــی دووریـــت وەهـــا ڕۆحـــی تـــەزانـــدوم
لـــەشـــکـــری خـــەم ســـوپـــای دڵـــی بـــەزانـــدوم
ژیـــان لـــەلام هـــیـــواو ســـەربـــەرزی بـــوو
لـــەکـــونـــجـــی خـــەم ومـــەیـــنـــەتـــت خـــزانـــدوم

* * *

کـــەتـــۆ هـــاتـــی گـــوڵـــی عـــەشـــقـــم گـــەشـــایـــەوە
کـــەڕۆشـــتـــی چـــرای ئـــەویـــنـــم کـــزبـــو،کـــوژایـــەوە
لـــەم هـــاتـــن وچـــونـــەت وەهـــابـــەجـــاریَ تـــاســـاوم
کـــام خـــەم لـــەمـــە گـــەورەتـــرە؟چـــرای ئـــومـــێـــدکـــوژایـــەوە

* * *

* هێمن _ مەبەست ئەو شیعرەی هێمن کەئەڵیَ : . نیمە هاوەڵیَ لەگۆشەی بێکەسیدا

دەوەرەوە و بمدەیە ماچ سورە گوڵم
ناحەزکوێرکە مەشکێنە شوشەی دڵم
تامردن هەرچاوەڕێم،بەو ئاواتەی ماچ
تابۆنیکەم گوڵی لێوت،وەک بولبولم

* * *

بولبول وێڵە بۆ ماچی گوڵێ
ئۆقرە ناگرێ لەچڵ بۆ چڵێ
دنیای شەیدایی و یڵ ودێوانە
خواستی چاوە ،دەرمانی کڵێ

* * *

ئەم شەو کەوا زۆربەی خەڵک دڵیان شادەو کامەرانن
پیێشوازی ئەکەن،لەساڵی نوێ لەبەر سەرماوبارانن
ماڵی دڵم ڕێبواری کەشتیەکی وێرانەی دابڕانە
سالی دووری و دابڕانت مێژووی خەمی یادەکانە

* * *

سەرچنار جاران جێ ژوانگەی یاران
دڵ نەرمی عەشق وەک تەڕی باران
داخم ئێستاکە چۆڵ و بێدەنگە
نەجریوەی مەل ونەخۆشی یاران

* * *

من لەنیگاو سۆمای چاوەکانت
ڕوناکی بۆ ژیان ئەبینم
دووریت لە من شەوەزەنگە
بەرپێکانیشم نابینم

* * *

شەوی یەڵدا چەنددرێژبێ و نەبڕێتەوە
ژووان و ئامێزی گەرم، لەبیرم ناچێتەوە
ئەو شەوە هاتی و لە ئامێزی منا خەوتی
شەوێک بوە، یادگاری شادیەکەونابڕێتەوە

* * *

لەم غوربەتەی نامۆیی دڵ،سەوداسەری ڕێی نەهاتم
ئاواتی ئێستای بوونم،هەزارخۆزگە نەئەهاتم،بۆ نەهاتم
کڵافەی خەم،حەزی نوستوو،وەرزی ماتەم لەم تەمەنە
نەوێستگەیەک، نەپەناگەی ئارمێکی ئاسودە، با نەجاتم

* * *

کە نیگای گوڵێک ئەکەم
ساتی خونچەییم بیردێتەوە
ئەوبۆماچی دەمی عاشقێک
پەڕەی لێوی ،کردۆتەوە

* * *

چیبێ لە ماچ شیرین تر لەناو دڵ
ئەبێتە میوانی نازداری لێوی گوڵ
هەندێ کەس بەشەرم دایئەنێن
نازانن گەرمی ناخ و حەزەبەکوڵ

* * *

سەدان سەر بڕان لەبەرماچێ
لای ئەوان هیچەو بەهیچ ناچێ
لای ئەویندارێکی دڵ پڕلەسۆز
هیچ تامێ هاوتای تامی، ناچێ

* * *

هۆکیژان و ژنا نی وولاتەکەم واز لە میکیا جی رومەت بێنن
وە ک کچە گەریلاکان، دڵی کۆبانی بەچە کی شانتان رابێنن
هۆ کیژە نازدارە کان،کاتی ژوان و نیگای ئە وین دوابخەن
باوەڕوچەکی شانت بکە هاوسەر،ئاگر بۆ ناحەز دابخەن

* * *

واجەژن وشادە بەخۆشی
منیش کەیل ومەستی ئەوم
جەژنانەکەم نیگای چاوان
بەدی بێت،لەخەمی ئەوم

* * *

یادوحەزی، مناڵی جارانم
خەم بو بۆ نقوڵ و جۆلانە
ئێستا مەرگ و دوری یاران
زامی سوێی، بۆتە هێلانە

* * *

جاران وەفا خانە خوێ بوو
لەلای پیرو گەنج و لاومان
ئێستا مل شکاندن باوە
نەمام و نەکەس نەخاڵ،مان

* * *

خۆزگەو ئاواتی سەردەمە
کامەرانی بۆ گشت کەسێ
وێردی زمانی هەموانە
هەرقسەیە و لەناو دەمە

* * *

دەســت و پەنجەکانم ببنە کۆڵوی نـاو ئـاگـردان
تـاسـەم، گـەڕیـدە بـێ، بـۆ ئەوینێکی سـەرگـەردان
بـاکم نیە هـەرچی ئەبێ بـاڕووبـدات، شـادە دڵم
کـەتـۆم هـەبی لـەم ژیانـە،بـابـکـرێـم بـەردبـاران

* * *

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١-وشە ڕەنگاڵەییەکان

٢-ئاوێزان بونی سروشت و مێژوو

٣-خواستی خەڵەڵک لەزمانی قەڵەمەوە

٤-ڕوانین بۆئایندە

٥-سەمای بەفر

٦-ئەوفرمێسکانەی وشک ناکەن

٧-پەلکەزێڕینەی خەیاڵ

٨-کوانوی هەناسە تەریوەکان